# به ناوی کوردستانی گەورە .

ح. س. سۆران
soransa@hotmail.com

## سەگی زەرد برای چەقەڵە!!!

بێجگە لە رەگەزکوژیە زەق و مێژوییە کان (وەک کارەساتی چەنگیزخان، هێرشی عارەب و مارەب و ...)، ئێستا لە سەر گۆی زەوی ، چەند دانە کوشتار و قەلاچۆ ، لە سەر زارن و بە گەرمە شەرمەزار دەکرێن ، کە پاکیان شەرمەساتی ماوەی سەد ساڵی رابوردون .

بۆ وێنە : کوشتاری ناجوامێرانە و دزێوی تێکرای ئەرمەنیەکان لە تورکیا ( تورکستان ) ؛ قەلاجۆی جوولەکە بە هۆی دارودەستەی هیتلێر ؛ رەگەزکوژی، ئەنفال وکیمیابارنی کورد لە کوردستانی گەورە ، کە دەکرێ ناوی بنێین " کوردۆکاست " .

ئەز لەم نووسراوەیە دا ، لە کێشەی کوشتاری جوولەکە و کوردانی داگیرکراوی وڵاتگەلی دیکە دەگەرێم و تەوەرەی راقەکە ، دە هێنمە سەر بستۆی قەلاچۆی ئەرمەنیە کان و چەوسانەوەی نزیکەی ٢٠ میلیۆن کوردگەلی دیلکراوی تورکیا ، کە گۆیا " بە رەگەز تورکن و زمانی تورکیان لەبیر چوەتەوە !!!" . ئەفاکەڵڵا ...
زۆربەی ئازادیویستانی جیهان ، زۆر لە مێژە کوشتاری بە تێکرای ئەو ئەرمەنیە هەناسە ساردانەیان ، شەرمەزار کردوە و دڵیان بۆیان هەڵقرچاوە ، بە تایبەت پیاوی بەرزەبیر و هەڵکەوتوی ئوروپا ، بێرنارد کۆشنێر ( دۆستی مرۆڤایەتی و دەستە هاوبیری مەندێلا) ، زۆر بە دڵپری باسی ئەم شەرمە ساتەو باسی قەلاچۆی کوردی لە تورکیا کردوە . تەنانەت لەم رۆژانەدا ، کۆنگەرەی وڵاتە یەک گرتوەکانی ئامریکاش، ئەو مەرگە ساتەی تورکیای بە کرژی و گرژی شەرمەزار کرد .

یانی لە تەواوی جیهان، ئەم شتە خراوەتە ئەستۆی تورکیا و بە قەت بارستایی زەریای رەش و قولایی بوغازی داردانیل ، تف و لەعنەتیان ناردوە بۆ کوژەرانی ئەرمەنیە کانی تورکیا ، کە لە دەورەی دەستەلاتی خەلیفە گەندەل و چەپەلەکانی عوسمانی دا ، کە خۆیان بە جێنشینی خودا گیانی ئێمە زانیوە ، ئەو کارە قەوماوە . ئەز بە راشکاوی ئەمە بە دژی کوفر دەزانم بلێم " وای بە حال و رۆژی ئەو خودایە ، کە جێ نشینی وەک ئەوانەی لەسەر زووی بوە !!! . قوربان گیان ! من بەیینێک لە لەم بابەتەوە لێکۆلینەوەم ئەنجام دەدا . لە شاری پاریس ، لە دەوروبەری کلیساکان ، لە بارەی ئەم شتەوە ، پرسیارم دەکرد ، بۆم دەرکەوت ، کە بۆ وێنە برێک لەوانەی ئێستاش لە دەوروبەری کلیسای "نۆتردام" ، لە قەراغ جۆمی " سێن " ، دووکانی دیاری و کادۆ فرۆشتنیان هەیە ، نەوە و نەبیرەوەی ئەو ئەرمەنیانەن ، کە نازانم چۆن بوە ، بە دەگمەن تاقل و تۆقل ، لە دەست کوشتاری چەنگیزی تورکە کان هەلهاتوون و دەرباز بوون . ئەو کاتە ولاتانی ئوروپایی ، لە رێگەی ئێرانەوە بردوونیان بو بەندەرگەی خورەمشاری ئێران و بەسرە لە باکووری ئێران و ئێراق و لەوێوە بە پاپۆر ، بردونیان بۆ ولاتانی رۆژاوا و ، وەک پەنا هێنەر، لە دەوروبەری کلیسا و شتەکان جێیان پێ داون و حاوانەتەوە و ئێستا ئیدی هەر دیرۆک و خەموخەفەتەکەیان لە بیر ماوە و چەکی تۆلە و بەس . ئەوانەم بۆیە وت ، تا خودای نەخواستە ، نەک یەکێک هەلسێ و هۆلۆکاستی ئەوانیش بە درۆ بخاتەوە .

تا ئێستا باسی پەراوێزی مەبەستە کە بو ، بەلام لێرە دا ، دێمە سەر کاکلێ باسە کە ، کە رەنگە لە پەراوێزەکە زۆر کورت تر بێ :

زۆر جار دەبیستین ، کە جێ نشینی خەلیفە و مەلیفە کان و جەنەرالە کۆنە قالتاغە کانی تورکیا، دەلێن شتی وا هەر نەبوە !!! ( دەلێن سال و کاتێک دێ ، کە هەرکەس درۆ بکا ، روی وەک رێژی دارستانی بانە ، رەش دەبێ) - خۆزگە ئەو کاتە، هەر سبەینێ بهاتبایە !!! . جاری واش هەیە ، هێندێکیان لە ئارکەداشە کانبە نەرمە، سووکە پایەکی لێدەنێن ، بەلام دەفەرموون ، کە ئەوە کاری دەستەلاتی عوسمانی بوە ، بە ئێمە چی ؟ . خەلکیش دەلێن : لە هەیاتیلە ، چەنگیز ، تەیمورە شەل و کەمال ( گەمال) ئاتاتورکەوە ، سەرۆکەکانی ئێوە گرووپی ( گروهی) خوێنیان ( - - -XXX ) بوە ، تانانەتە هەر لەم بیست سالەی رابوردو دا ، چەند هەزار تورکی شاخی ( کوردیان) کوشتوە ؟ ئەی بۆ ئێستا هێرش دەبەنە سەر خاکی کوردستانی باشور ، مەگەر مارەیی دایکی چەنگیز خانە ؟ سەرۆک ئاپۆ ی قارەمان ، رێبەری کورد ، بۆ لە زیندان خراوە ؟ بەراستی سەگی زەرد برای چەقەلە ، بۆ هەر خەلیفەو

مەڵیفەکان دەبوغزێنن ، ئەفەندم ئێوە سەبارەت بە ئەرمەنی و کورد و قیبرەسی و ... ، لەوان خەڵیفە و مەڵیفەترن .

پێویستە وەک هەمیشە ، ئەمەش بدرکێنم ، کە ئەم وتارەی من سێرەی لە تەواوی گەلی تورک و توورانیەکان نیە ، ئەوان بە جیران ، هاوسێ و دۆستی خێر خوازی کورد دەزانم و رێزیان لێ دەگرم ، بەڵام کاتی ئەوەش هاتوە ، کە لەوە زیاتر گەلی ئاسایی تورک ، بۆ نواندنی هەستی ئاشتی خوازی نەهێڵن ، رێبەری وەک عەبە درو ( عەبدوڵڵا گۆیل ) و ئەردۆغان و کێ و کێ لەوە زیاتر سووک و سەلیمیان بکەن و زۆربەی خەڵک و مێدیا کانی جیهانیان لێ بکەنە نەیار و نەتەویست .